ڕۆژنامەنووسی ڕۆژئاوای کوردستان سلێمان ئەحمەد دوای مانگێی زیاتر لە ساڵێک لە زیندانی دەسەڵاتی ئازادکرا

ڕۆژنامەنووسی خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان، سلێمان ئەحمەد دوای مانگێی زیاتر لە ساڵێک لە زیندانی دەسەڵاتی ئازادکرا.

ئەمڕۆ دووشەممە، ڕۆژنامەنووس سلێمان ئەحمەد ئازادکرا، ئەمەش دوای مانگێی زیاتر لە ساڵێک لە زیندانی دەسەڵاتی حوکمی سزای سێ ساڵ لەلایەن دادگای دەسەڵاتی "هاوکاری پارتی کرێکارانی کوردستان-پێکەکە".

لە 29ـی تەمموزی 2024، دادگای دەسەڵاتی سزای سێ ساڵ زیندانیکردنی بەسەر ڕۆژنامەنووس سلێمان ئەحمەد ڕۆژنامەنووسی ئاژانسی (ڕۆژ نیوز) سپاند و لەکاتی دادگاییکردنەکە، دادگای دەسەڵاتی نەگەیی نەداوە نوێنەری یەنامی بەشداری دانیشتنەکە.

زانیاری زیاتر...

هەواڵسازی بەشی عەرەبی ئاژانسی ڕۆژنیوز، ڕۆژنامەنووس سلێمان ئەحمەد کە خەڵکی عەفرین-ی ڕۆژئاوای کوردستانە ڕۆژی (1ـی تشرینی یەکەمی 2023)، بە سەردان و دیدار لەگەڵ بنەماڵەکەی چووبووە گەڕەکی شێخ مەقسودی شاری حەلەب لە سوریا و لەدوای گەڕانەوەی لە ڕۆژی 25ـی تشرینی یەکەمی 2023 کاتێک

دەیویست لە دەروازەی فیشخابورەوە بگەڕێتەوە بە هەرەمی کوردستان بە کارەکەی لە سلێمانی، لەلایەن ئاسایشی دهۆک رفێندرا و دوای زیاتر لە حەوت مانگ پاڕێزەرانی توانیان چاویان پێی بکەوێت.

ئەو رۆژنامەنووسەی ڕۆژئاوای کوردستان کە لە سلێمانی کار دەکات، ماوەی نە مانگە لەلایەن ئاسایشی دهۆک بە تۆمەتی پەیوەندی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان دەستگیرکراوە.

پێشتر ئاژانسی ڕۆژنیوز کە ڕۆژنامەنووس سلێمان ئەحمەد تێیدا کاری دەکرد، پارتی دیموکراتی کوردستانی تۆمەتبارکرد بە ڕفاندنی ئەو ڕۆژنامەنووسە بەتۆمەتی ناڕەوا و بەبێ هیچ بەڵگە و سەلامەتی ئەو ڕۆژنامەنووسە خستەپاڵ ئاسایشی دهۆک کە بە "ئاسایشی پارتی" وەسف کرد.